# زوڵماوا

**نووسینی:عەلیئەشرەفی دەرویشیان**

**وەرگێڕانی: ناسر ئەمینئژاد**

لەوێ، لەسەر تاقە دارتووەکەی ئاوایی کزۆڵەی کردبوو. دڵتەنگ، خەفەتبار و رقگرتوو، بە روخسارێکی تاوەسووتی فرمێسکاوی. رادوێ گچکەکەی باوکی لە ژوور سەریەوە، بەسەر لقێکەوە هەڵواسرابوو. جاربەجار بۆ خۆدزینەوە لە تەنیایی دەیگرت. دڵی ناسوکنا و گەرووی پڕبوو لە رق و ژان. بەرەدەستەکانی لە هەڵگەران بەسەر دارەکەدا رووشابوون. بێئۆقرە و دڵلەدوا کۆتە دڕاو و تەڕەکەی باوکی لەخۆیەوە دەئاڵاند. برسی و کز و بێبڕست بوو، نەیدەزانی چیبکات. سەری تژی لە بیری ئاڵۆز و دڵی کەیلی کەسەر و ژان بوو.

نیگای بەسەر ئەو سێڵاوە کەفچڕێنەدا کە دەورەی خۆی و دارەکەی دابوو، دەخوشی و هەتا ئەو جێگایە دەکشا کە باوکی لە ئاوەکە هاتبوە دەر و بۆ هانا بردن  و کۆمەکخوازتن کەوتبوە سەر ئەو رێگایانەی کە بەرەو دێهاتەکانی دەوروبەر و شار دەچوو.

خۆشی باش نەیدەزانی چیبووە و چی قەوماوە. لەگەڵ باوکی سەربانی ماڵەکەیان بانگردێن دەکرد، هەتا درز و قەڵشتی سەربانەکەیان پڕبکەنەوە و بیشێلن کە دوای چەند رۆژ بارانی بەپەستا دەمیان کردبوەوە. دایکی لەگەل خوشک و دوو برا چوکەکەی لە ژوورێ دانیشتبوون. لە ڕۆچنەی سەربانەوە گوێی لە چرینی دڵبزوێنی دایکی بوو. ئەو هۆرەیەی دەگوتەوە کە هەمیشە دڵی ئەوی دەبزواند. جارێکیش هەر لەو رۆچنەوە ـ کە رۆشنایی دەگەیاندە ژوورەکە ـ چاوی بە دایکی کەوت کە لەبن دارتەون دانیشتووە و بە قامکی کز و پشتی چەماوە خەریکی کارە. ئەوەشی دەزانی کە دایکی پێنج مانگی رەبەقە کار لەسەر ئەو قاڵیچەیە دەکات، کارێک کە پێشتر حەقدەستەکەشیان خواردووە.

باوکی رادوێ بچوک و نیوداشتەکەی خوی ـ کە زۆری خۆش دەویست و بە دەستگرتنەوە لە خواردنی ئەوان کڕی بووی ـ کردبووە ملی ئەو، گوێی لەو هەوایانە دەگرت کە بڵاوی دەکردەوە.

هەر لەو ئانەدا تاریکاییەکی زیاتر بەری ئاسمانی داگرت، کە هەر سەرلەبەیانییەوە دەیگرماند و دەیناڵاند و ئۆقرەی لە خۆی بڕیبوو. برووسکەیەک تێپەڕی و پاشان گرموهوڕێک ئاوایی هەژاند. هەموو ئاوایی "زوڵماوا" بەجارێک رەش داگیرسا. "بۆرە" سەگە کولکنەکەیان لەخوارەوە قروسکاندی. مریشکەکان کەوتنە قاراندن، باوکیشی سڵاواتی دەنارد. پاشان دەنگی تێکرمان و هەراوهوریا و زاقوزیق. بارەباری مەڕ و گرمەگرم و تێکتەپین لە دوورەدەستەوە دەهاتنە بەر گوێ، بارانێکیش بەخوڕەم وەک گۆزەی سەروەژێر داباری.

"پێنجعەلی" و کوڕەکەی کە شوانی ئاوایی بوو، بە هەڵەداوان بەسەر گردەکەدا هەڵدەگەڕان. دەنگی هاتوهاواریان لەگەڵ گرمە و قرمژنی برووسکان تێکئاڵان. هێندەی نەبرد ئاو هەموو

ولاتی داپۆشی. تا لایان کردەوەماڵەکەیان کەوتە ڕمین. باوکی دەمودەست توانی بەر باوەشی بدا و بیرفێنێتە سەربانی "موحیبعەلی" و لەوێشەوە بانەوبان خۆی بگەێنێتە دارتووەکە و پیا هەڵگەڕێن. باوکی لە پێشدا ئەوی بەسەر دارەکەدا هەڵگەڕاند و دواتریش خۆی کە دەستوپێی دەکوتا هەتا ناوقەدی لەناو لیتە و قوڕی گێژخواردودا بوو، بە چەرمەسەری خۆی گەیاندە سەرەوە. کە ئاوڕیان دایەوە دیتیان نە ماڵێک ماوە و نە حاڵێک، دیوارەکانی ماڵی موحیبعەلیش کە لە ماڵەکەی وان بەرزتر بوو وەبن ئاو دەکەوت.

لە دوورەوە، لەسەر دارەکەوە ئاواییەکەیان دەدیت: وەک خنکاوێکی هیوابڕاو دەچوو کە بەرەو دواوە دەکشێ. ئەو بڵقانەیان دەدیت کە دەهاتنە سەر ئاوەکە و دەپووکانەوە، ڕەنگە هەناسەی پەنگخواردوی دایک یان خوشک و دوو براکانی بووبێتن. سەرپاکی زوڵماوا، جگە لە خانەباخێکی قەدپاڵی ڕەزەکان و ماڵێ ئاغا و عەمبارە گەنمی جەهانگیرخان ـ کە بە بەرد و سیمان سازکرابوو- کەوتە بن ئاو. ئیتر هیچی دیکە لە گۆڕێدا نەمابوو. پۆلێک ژن و منال لەوبەر، لەپاڵ ڕەزەکان شین و چەمەریان بوو، خۆیان لە قوڕولیتەوە وەردەدا و لاروومەتی خۆیان دەرنیەوە.

داروچیلکە و پووشوپەلاش و کا و پشکەڵ هەموو سەر ئاوەکەیان داپۆشیبوو. سەروپێچی ئەو مرۆیانەی پەلەقاژەیان دەکرد و نوقم دەبوون، ئەو سەگانەی بە هەڵپە و بە مەلەسەگی ملی بەرەو تەپکەکانیان گرتبووە بەر، ئەو مەڕانەی قورس دەبوون و بنئاو دەکەوتن، ئەو مالات و مانگا و ئەسپانەی بەرەو گردەکان مەلەیان دەکرد، هەموویان، لێرەوە لەم سەر دارەوە دەبیندران.

بۆ دواینجار بیچمی تۆقاوی دایکی هاتە بەرچاو، سەرپێچەکەی والا ببوو، قژە رەش و پەرێشانەکانی کەوتبوونە سەر دەموچاوی. هیوابڕاوانە چاوی لەو بڕیبوو. لەخۆڕا بەتەمای فریارەسێک و جێسانەوەیەک دەستوپێی دەکوتا. لە پڕتاو شەپۆلێکی بەگوڕ هاتوو لەناو خۆیدا هەڵیلووشی، کا و پشکەڵ و پووش سەری ئاوەکەی پڕکردەوە.

ویستی خۆی بخاتە ناو ئاوەکە، بەڵام باوکی ـ کە گێژ و وڕ و رەش داگەڕاو دەهاتە بەرچاو و هەناسەی سوار ببوو- بەری پێگرت و لە ژێر لقێکدا داینیشاندەوە. ڕادوێکەی لە ملی کوڕەکەی کردەوە ـ کە لەو فەرتەنەیەدا بە سلامەت دەرچوو بوو ــ بە لقێکەوە هەڵیواسی. پاشان چاوەکانی لێکناو و لە هەژمەتی ئەو کارەساتە قورسەی بەسەریاندا هاتبوو، نالاندی، بەچەپۆکان کێشای بەسەری خۆیدا و پڕی دایە گریانێکی بەکوڵی جەرگبڕ. ئەویش بە ئەوکی گیرا و بە هەنسکی پڕ و بە دەموچاوێکی تەری گڕگرتووەوە وێڕای باوکی دەستیپێکرد....

ئەو تەنیا جارێک گریانێکی وەهای بە باوکییەوە دیتبوو. ئەویش ئەو کاتە بوو کە مانگاکەیان لە برسان منار ببووەوە....

کەوتەوە بیر "نوسرەت"ی برای، کە هەر ئەوێ ڕۆژ لە کاتی نانی بەیانیدا چاییەکەی ڕشتبوو. سووچی نوسرەت نەبوو، ئەو ویستبووی تەنیا پەترۆکێک لە نانە ڕەقەکەی بەردەستی بکاتەوە،

دەستی ترازا و وەبەر چاییەکەی کەوت و رژا. باوکی بە زللەیەک لا رووومەتی سوور کردەوە و دایکیشی بەر بووە جنێودانی. ئیتر چاییان نەدایەوە. هەمیشە هەر وابوو، هەرکەس چاییەکەی رژاندبا، ئیتر چاییان نەدەدایەوە. نوسرەت بە بوغز و هەنسکەوە نانەکۆنەکەی دەجوو و قووتی دەدا. هێشتاش قەڵافەتی نوسرەتی لەبەرچاو بوو کە چۆن لە کاتی قووتدانی پاروەکانیدا وردیلە دەمارە ناسکەکانی ملی هەڵدەمسان و چاوی دەقونجاند.

لەبەرخۆیەوە دەیوت; تەماشا، چ ئارەزوویێک لەسەر دڵی نوسرەت بوو بە گرێ! ئارەزووی چاییەکی شیرین! چاوەکانی قونجاند و بە خۆی وت: کوڕە، لەوانەیە، ئەمانە هەمووی خەون بن، خوا بکا ئەمانە هەمووی خەون بێت.

بەڵام بوونی ئەو لەسەر ئەو دارە و تەنیاییەکەی، سەرما و با و باران، ئەو هەموو ئاوەی کە زوڵماوای داپۆشیبوو، نا ئەمانە خەو نین. باڵندەیەکی تەنیای باڵگرتە لە دارەکە نزیک بووەوە، ویستی بنیشێت، هەر ئەوی دیت دیسان لە شەقەی باڵی دایەوە و ئەو و دارەکەی لە تەنیاییدا هێشتەوە. دموچاوە باراناوییەکەی بە سەردەستی کۆتەکەی سڕییەوە و دای لە پڕمەی گریان.

باوکی جێی هێشتبوو. بۆ هانا وەرگرتن خۆی لە ئاوەکە دابوو، وەدەرکەوتبوو، دوایین گریانەکانی، ماچ و نزاکانی لە بیر بوو، بە چاوە سوور و پێڵوە چرچ و زەردهەڵگەڕاوەکانیوە، بە بەرەدەستە زبر و شەقاربووەکەی، وێنای دەمی مشار، دەستی بەسەریدا هێنابوو، ماچی کردبوو، رۆیشتبوو، بەڵکو شتێک وەچنگ بێنێ و لە دەست برسیایەتی و مەرگ رزگاری بکات.

شەوی ئەنگوستەچاوی سارد و قورس بەڕێوە بوو. نە وەڕینی سەگی ماڵات، نە دەنگی یەکبینی کاڕوباڕی گەرانەوەی ئاژەڵەکان لە لەوەڕگا، نە دەنگی کشەکشی دایکی بۆ لە کولانەکردنی مریشکەکان. هەرچی بوو تەنیا گژەی با و ڕێژنەی باران بوو کە دەورەی ئەو و لق وپۆپی دارتووەکەیان دابوو. بۆ ساتێک هەستی کرد کە وا دایکی لە ناوەڕاستی ئاوەکە دایە و چرالەنتەرێکی بەدەستەوەیە و بەرەو پێشەوە دێت. بە تامەزرۆییەوە چاوەکانی بز کردەوە. بەڵام نا، کەسێک دیار نەبوو. تەنیا شۆقی گڕە ئاورێک بوو کە خەڵک لەسەر تەپکەکان کردبوویانەوە و کەوتبووە سەر ئاوەکە. ئەو تاکوتەراییە وەبیر رادوێکەی خستەوە، هەڵی کرد، پرسیار لە گۆرانیبێژێک دەکرا:" ئەرێ خاتوون حەزتان لە چ خواردنێکە؟...

رادوێکەی بەستەوە و ئاوی دەمی قووت دا. لەبەر سەرما هەڵدەلەرزی. قایم کۆتە شڕ و تەڕەکەی باوکی لەخۆیەوە پێچا و بۆ دەرباز بوون لە تەنیایی هەمدیسان رادوێکەی گرتەوە; "باشە بۆچی حەزتان لە ئالای ئەمریکایە؟ ئەوا دەیبینم ئالایەکی ئەو وڵاتە بە پشتی کراسەکەتانەوەیە!"

- "بڵێم چی،ئەوە مۆدە ئیدی، ئەودەمی کە لە فەرانسە بووم...."

رادوێکەی کوژاندەوە. چاوی لەو گڕە سوورانە بڕی کە لەناو ئاوەکەدا سەمایان دەکرد. خۆشی ئاگای لە گەورەیی ئەو کارەساتە نەبوو، بڕوای نەدەکرد کە ئیتر دایک و خوشک و دوو براکەی لە گۆڕێدا نەمابن.

کەوتە بیر "بۆرە" کە بەر لەو لافاوە بە ترسناکی قوروسکاندبووی. نەیدەزانی بۆرە چۆتە کوێ. لەو تاریکستانەدا گژەبا هەموو وڵاتی داگرتبوو. لەپڕێکدا کوڵی گریان بەربێنکی گرت، سەری بە لقەکانەوە نا و دەستیپێکرد. دەنگی گریگرییەکەی تێکەڵ بە لرفەی سێڵاو دەبوو. "با" دەنگی گریانی لەگەڵ خۆی دەهێنا، دەنگی منالّی برسی پێبوو، دەنگێ بارەبارِ و وەڕینی رادەگوێست. ئەو قایم خۆی بە دارەکەوە نووساندبوو. جارێکیدیکە پەنای بۆ رادوێکە هێنایەوە; "زرەدی من بۆ تۆ، سووری تۆ بۆ من، منالّەکان، چەپلّە لێ بدەن، سەما بکەن، خۆشی بکەن، هەراوبەزمە. بیسەرێکی خۆشەویست دەلّێ; هەرچەند ئیمساڵ بۆ بەرگرتن لە زیادبوونی شامات و شۆرەکات بنچکەگیا دەست نەدەکەوت، بەڵام هەمدیسانیس بنچکە گیای قاچاخ بەزمی خەڵکی گەرم راگرت"

زاق و زیقی منالّەکان بۆ ساتێک لەخۆی بردەوە، بەڵام گژەبای سارد و برسیایەتی هێنایەوە سەرخۆی. قاچی تەزی بوون و باران دزەی کردبووە سەر لەشی، دەستەکانی وەها سڕببوون و لە گۆ کەوتبوون کە نەیدەتوانی رادوێکەی پێ ببەستێ. گڕەکان لە دوورەوە بەرەو دامرکان دەچوون. ژانێک لە زگی بەتاڵی ئاڵا و ئاوێکی خستە دەمیەوە. بە لەزەتتەوە ئاوەکەی قووت دا. بە زەحمەت خۆی بە لقەکانەوە راگیر کردبوو، جگە لە نان و چای بەیانی هیچی نەخواردبوو. برسی و تەزیو و بێ برِست چاوەکانی کردەوە، وای بە دڵدا هات کە وا باوکی بە نانەبەرەیەک و کۆڵە چیلکەیەکی وشک بەرەولای دێت و دایکیشی سەماوەرەکە دادەگیرسێنێ. نوسرەتی برا بچوکیشی چایشیرینێکی دیکە دەخواتەوە و خوشکەکەشی لەسەر نان لە گەڵ براکەیتری هەرایەتی. لەناو ئەو تاریکییەدا دەستە سڕبووەکەی بۆ وەرگرتنی نان درێژ کرد، بەڵام هیچی بەردەست نەکەوت و نەشی توانی خۆی بەسەر دارەکەوە ڕابگرێ، هەڵخزا، توانای ئەوەی نەمابوو خۆی بە لقەکانەوە گیر بکات. هەر لەو بەرزاییەوە، بەسەرەوە لەناو تاریکیدا شۆڕ بوەوە، ئاو دەمی کردەوە و قووتی دا، لنگەفرکێیەکی کرد و هاتەوە سەر، هاوارێکی کرد و ئیتر بۆ هەمیشە نوقم بوو.

کوندێک لە دوورەدەستەوە هاتە سەر دارەکە و لە تەنیشت رادوێکە هەڵنیشت، پاشان لە دەنگەدەنگی رادوێ سڵەمییەوە و هەلفڕی.

کابرا شەکەت و ماندوو، بە دڵێکی دارماڵ لە دەرد و کوڵ، بە سینگێکی تژی لە قین و رق دەگەڕایەوە. دوبارە لە ئاوەکەی دایەوە، لە دوورەوە دارتووەکەی دیت کە تاکوتەرا بەدەرەوەیە.

قووڵ دەیروانی و تینی بۆ چاوەکانی دەهێنا بەڵکو کورەکەی ببینێ. کۆتەکەی خۆی دەدیت بە لقیکەوە هەڵواسرابوو. بیری دەکردەوە لەوانەیە کورەکەی لە پشت کۆتەکەوە دانیشتبێ.

هەتاو هەڵدەگەڕا، گەواڵە هەوری گەورە و بچووک لێرە و لەوێ لە ئاسماندا خۆیان بڵاوکردبوەوە. کابرا سەری بۆ هەر کوێیەک دەگێڕا هەر ئاو بوو، تەپکەکان پڕ بوون لە خەڵکی برسی. سێڵاو هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی ڕامالّیبوو. ئەو ڕێگایانەی کە دەچوون بۆ شار خراب ببوون، ئاو بەری پێگرتبوو، برسیایەتی تینی بۆ هێنا بوو، بەڵام هیوا بە دەربازکردنی ئەو تاقە بەرەی ژیانی کە ماوەتەوە، پاڵی پێوە دەنا. بە چەرمەسەری خۆی گەیاندە دارەکە، پێیدا

هەڵگەڕا، بە پرتاو کۆتەکەی لا دا، بەڵام کەسی لێ نەبوو، سەری لە گێژەوە چوو، بەری چاوی ڕەش هەڵگەڕا، شیوەن و گریانێکی بێ ئامان ڕێژەوی بەست.

رادوێ بە دەنگێکی کز هەواڵەکانی بڵاو دەکردەوە; "لافاو چەند ئاواییەکی کرماشانی گرتۆتەوە، بەڵام مردنی بە دواوە نەبووە. ئەم ئاواییانە پێشتر چۆڵکرابوون، لە ڕێگای حەواوە خورما و ئارد بەو خەڵکە گەیاندراوە کە لە ئابلۆقی لافاو دان، چەند هەلیکۆپتەرێک بە هانای خەڵکەکەوە چوون"

کابرا بە رق و تووڕەییەوە پڕی دایە راوێکەی کە ئەو هەمووە خۆشی دەویست، بەرزی کردەوە، کەفی دەچراند و بەر بووە جنێو دان و قایم کێشای بە دارەکەدا، هێندەی پیاماڵی تا تەواو مووچایەوە، بە هەر دوو دەست بردی بۆ دەمی و قەپێ بە چەرمی بەرگەکەیدا کرد، دوبارە کێشایەوە بە دارەکەدا و بە هەموو هێزی خۆیەوە فڕێیدایە ناو ئاوەکە و نەڕاندی:" هەی درۆزنینەی داڵک خێز، هەی داڵک خیزەیلی درۆزن"

لەو حاڵەتەدا روانیە تەپکە دوورەکان، وای هاتە پێش چاو هەموو ئەو خەڵکە داماوانەی سەر تەپکەکان سەرلێشیواو، سەرما بردە و برسی لە دەوری یەک ئالاون، ئەو دایکانەی کە کۆرپە بێگیانەکانیان لە باوەشدا بە خۆیانەوە دەگوشن، هەموان جنێو دەدەن، هەرکەسێک کە رادوێی هەبوو داویەتییە بە شەق و وردوخاشی دەکات.